# گۆرانی سەفەر

ڕزگارعومەر
rezgar70ca@yahoo.com



پاش چاوەڕوانیەكی زۆر نامە ساردەكەت گەیشت ، نامەكەت كاتێ گەیشت كە من خەریكی كۆچێكی ترم ، سالآنێكی زۆرە چاوەڕێم ، چاوەڕێ بووم دەست لە خۆپەرستی هەلگری و ببیتەوە ئەو دۆستە دێرینەی كە لە ساتەوەختێكی زۆر ناسكی تەمەنما لە بەرامبەر ئالۆزی ڕێگاكاندا دەستمت گرت و كتێبخانەی ژوورەكەی خۆتت پێم نیشان دا ، لە نامەكەت گلەییە كۆنەكان بە زمانێكی تازەی ڕەقتر دووبارە دەكەیتەوە ، ئەزانم تۆ لەپەنای كیبۆردی كۆمپیوتەرەكەت ژمارەی بێ ئەژمارو سەرگەرمیەكانی ژیان و بزنس بەربینی گرتووی ، كەرەنگە ئێستا زیاتر لە جاران كەم سەبرو ڕوو خۆش بی و شیعرنەوێرێ سلاّوت لێ بكا یان بە لاتا تێپەڕێ ، ڕەنگە قاقای پێكەنینت بێ ئەگەر پێت بلّێم من تا ئێستا لە بەر خاتری گولێك لەو شارە مابووم ! بەلّم ، من ئێستاش هەر لە تۆ ناچم ، شیعر برامە و لەگەلّمایە ، ئەشق بە بوون یان نەبوون لە گەلّمایە ، ڕەنگە بۆ تۆ سادە بێ یان بێ مەعنا بێ ، كە من چەندە دیلی دەستی سیحری پێكەنینی ئەوم ، ئاخر تۆ قەت لەوە تێ ناگەی كە ئەو كچە نازنازێكی قژ ڕەشی ڕۆژهەلاّتییە بە جارێ ڕۆحی بردووم ، ئاخر ئەو گولێكی خرپنە ومەمكەكانی دوو كتێبی گەورەن من پێنج بەهار لەمەوبەر تەنیا فریای ماچی لاپەڕی یەكەمی كەوتم ، دەڕۆم و دەزانم چ لێرە چ لە مالّ ولە لێكدانەوەی ماتماتیكانەی تۆدا جێگایەك بۆ تەپلّ و دەفەكەی من نیە ، چونكە تۆدەزانی قەرەجێكی بێ ئۆقرە لە گیانمدایەو مانەوە لە یەك شارو ئاو هەوا گۆرانیەكانم بێ زەوق دەكا و سیسم دەكا ، تۆ دەمناسی كە من خەیالّ خاوێكی كەللە ڕەقم لە ناوەڕاستی ڕۆژ ئاواو تەكنەلۆژیا دەمەوێ لغاوی ئەشقێكی سانسۆر كراو بگرم ، من لێرە تازە دەبم بە سندباد و بۆ دۆزینەوەی مەملكەتێك خۆم قبولّ بكا كەشتیەكم پڕ كردووە لە كوپەی گۆرانی قەدەغەو نەوتراو بەرەو شەڕ و شارێكی نادیار هەنگاو دەنێم ، دەڕۆم چونكە زۆر شت دووبارەیەو بە زۆر شت گەمارۆ دراوم ، ماسكی پێكەنینی ئەوانەی دەورو بەرم ، تەمەن و تەقویمێكی خوێن ساردی هەلّواسراوی سەر دیواری سپی ژوورە چۆلّەكەم ، وێنەی هەلّواسراوی باوكێكی پیر، كە لە هەر سەیر كردنێكا بۆ لۆچی هیلاك و خەفەتباری دەم و چاوی شەرم دام ئەگرێ و بە تەنیا لە مالّەكەی خۆم بێ ئەوەی كەس پێ بزانێ ئەگرییێم ولە ڕۆژێكا چەند جارێ ئەمرم ، ڕەنگی خەوالّووی تەلەفۆنێكی لالّ ، شووشەی لێلی ئاوێنەیەك كە دەمێكە ڕووی ڕاستەقینەو منالاّنەی خۆمی تیا نابینم ، ڕەفەیك پڕ لە كتێب كە نووسەرەكانی هەموو شەوان پاش ئەوەی بە تەنیا ئەخۆمەوەو سەر خۆش ئەبم ئەوانیش لە بەرگی كتێبەكان دێنە دەرێ و شەو نیە( شێرزاد و شێركۆ و ماركس و فۆكۆ ) گوێ لە گلەیی و گۆرانیەكانم نەگرن ، ئاخر ئەوان ئێستا دەمناسن و دەزانن من تووشی شاعیریەتی بووم بێ ئەوەی مشتێ خۆشی زیاترم لە ئازیزانم دەست كەوتبێ ، ئەوان دەزانن پۆلێ لە خۆشەویستانم بێ سەمەر ڕۆیشتن یان مردن ، ئەوان دەزانن نەوەی ئێمە لە گەلّ هەر گۆڕانێكی بێ ڕەزای ژیان و مێژوو بە دەستی خۆمان بەژنی خۆمان پێ دەنێژن ، ئەوان دەزانن من تووشی نووسین بووم بێ ئەوەی لەو گەڕەكەی خۆمان سنەوبەرێكم بە ڕووتی دیبێ ، دەزانن تووشی

ئەشقێك بوومە كە هەرگیز چنگم ناكەوێ ، ئەوان ئاگایان لێ بوو كە من لە گەڵ پۆلێ یاخی تووشی سیاسەت بووم كە بێجگە لە ئەلف و بێ ی دەڵسۆزی كلیلێكی ترمان شك نەبرد ئەو هەموو دەرگا داخراوەی پێ بكەینەوە ، بینیان هەریەك لە ئێمە لە كۆڵانیكدا شەڕی لە گەڵ قەدەرێكی پڕ لە ئەفسانە دەكردو ئاگرێكی گەورەتر لە دەروون سواری ڕوانینمان ببوو ، لە بەرامبەریشا هەرچی چەتەو جەلاد و خۆفرۆشی شار هەیە لە سوچی كۆڵانەكان بە قەمەو گوللەو قەڵەم لێمان لە كەمین بوون .

ئەمەوێ بڕۆم لەم شارە وا سەر شێتانە دەستنووس و پڕۆڤەی گۆرانی و كتێبەكانم كۆدەكەمەوە ، ئەڕۆم و ترسێك تێكەلاوی ئەندێشەم بووە ، دەترسێم لەو سەفەرە بمرم و جارێكی تر گۆڕەكەی( ووشیار) نەبینمەوە ، دەترسێم ئەم سەفەرە بێ سەمەر بێ و ناچاربم یان ناچار بكرێم سەر لەنوێ بێمەوە بۆ ئەم شارە ، دەمەوێ بڕۆم و ڕەشبینیەكی قووڵ دایگرتووم ، چونكە مەملەكەتێك یان فەلسەفەیەك نیە لە دونیا بتوانێ بە منالێم شاد كاتەوە ، ئەمەوێ بڕۆم لەم شارە دوورە ، ئەوەندە دوورە مەگەر خەون بتوانێ دایكە پیرەكەم بهێنێ و ڕۆحی لەت و پەت كراوم ، لە لێواری كەناری ئەم دەریایە كۆكاتەوە ، ئەڕۆم و نازانم ئەم وەلامەت پێ ئەگا یان نا ، بەڵام لە و بڕوایەم ڕۆژگارێ دێ لەوە تێ دەگەی كە ژیان زۆر كورتە ، ئاوڕێكی گەرم و پڕ لە پەشیمانی لە من دەدیتەوە ، ئەو كاتە ئەگەر منیش نەمابم ، باوەشێكی درەنگ وەخت و.. پڕ لە میهرەبانی بۆ گۆرانیەكانم ئەكەیتەوە .

ڤانكۆڤەر

*2003-07-16*

